# سه رنجێک له سه ر ئاخافتنه كه ی
# كاک مه سعوود

ناسر ته ها   سوله یمان
دانمارک/   8 / 12 / 2005
Nasir@stofanet.dk

له پێشوازیکردنه که ی به ڕێز کاک مه سعوود له به ڕێزان ( پارێزگاری كه ركوک و به رپرسی
مه ڵبه ندی دووی ی ن ک و به رپه رسی لقی سێ ی  پ د ک ژماره یێک له به رپرسانی دیکه ی
خه ڵكی كه رکووک) ، هه ندێ ته وه ری تایبه ت به كه ركووک و خه ڵكه كه ی باس کراو ، منیش
خه ڵكی كه رکووک و دانشتووی دانمارک ئه م سه رنجانه م له سه ر ئاخافتنه كه ی به ڕێزیان هه یه
به ڕێزیان ده فه رمێ

[ له سالی 2003 که رکوکم بینی  پێم وابوو ئێستا وه ک شاریکی ئه ورووپی وایه ، به لاَم
باوه رتان هه بێت  ئێستا  ئه وه ند وێرانه  له ساڵی  1970 پێشکه وتوتر بوو ] .

منیش له به ڕێزیان ده پرسم ?

ئه وا پێمان نایه سالی 2006 وه پاش 3 ساڵ له هه ڵهاتنی به عس
له که رکووک تازه تازه خۆزگه بۆ كه رکووكی ساڵی 1970 ده خوازن ، ئایا ئه مه مانای ئه وه یه
که ئاگاتان له ئازارو ماڵوێرانی كه رکووک نه بووه تاکوو ئێستا  !!!!  یان ئه وانه ی نێونه ری
به ڕێزتان بوون له که رکوک  له به ر  خه ریکبوون به خۆیانه وه ئاگایان له خه ڵكی نه مابوو ،
یان راپۆرتی   هه له یان  بۆ  به ڕێزتان  به رزکردوه ته وه  ،
به ڕێزتان ده فه رمێ

[ كه رکووک نه ک هیچی لێ خه رج نه کراوه . به ڵکو به ده ستی ئه نقه ست کراوه به وێرانه ]

منیش ده پرسم ? .

ئێمه ی که رکووکی و خه ڵكی به وێژدانی کوردستان باش ده زانین چه ند فه رامۆش کراوین و
به ئه نقه ست وه بێ ویژدانانه  وه له چه ند  لایه نێکشه وه ، ئه گه ر   هه ڵیبسه نگێنین له گه ل
که ربه لاو  نه جه ف وهه ولێرو سوله یمانی ، ئه و ووتاره ی به ڕێزتان ئه بوایه  له  به غدا ی
عروبه پێتان له سه ر دابگردایه و شانبه شانی هاورێ حه مید مه جید موسی یاسا ی 58 تان
جێ به جێ بکردایه ئه گه ر ته نها یه ک هه نگاوه ش بایه  !!! . به لاَم به داخه وه ئه وه ند کاتان
به فیرۆدا بۆ کۆکردنه وه و گه رانه وه ی  [  اخواننا السنه شريحه اساسيه من المجتمع العراقى ]
گه ر  ئه وه نده  جه ختان له پرسه ی که رکوک بکردایه ، ئه وا که رکوک ئه مرۆ پێویستی
به شیوه ن و لاوانه وه   نه ده کرد .

له سایه ی هه ول و کۆشه شی بێ وچانی سیاسه ت مه دارانمان ئه وا سونه دینه هه ڵبژاردن و
حکومه تشه وه ، بابزانین  عجبا له پاڵ هه نگاوه کانی جه عفه ری هاوپه یمانتان ( رفيق عبدالمه×للگ)
ئه و دوای (  اخواننا السنه)  چه ند هه ولو كۆشه ش ده که ن بۆ ئاسایی کردنه وه ی  باری
که رکوک و چه ند کات به فیرۆ ئه ده ن بۆ گه رانه وه ی ئاواره یان ناردنه وه ی  ( عرب الغربا  ).
به ڕێزتان ده فه رمێ

[ خۆزگه بۆ ئاساییکردنه وه ی بارودۆخی که رکوک ده مانتونی خه ڵکی راسته قینه ی شاره که بگێرینه وه وبه پیی پێویست جێگه و رێگه یان بۆ دابین بکه ین ] .

منیش ده پرسم ? .

تۆ گۆری هه موو شه هیدان تۆ گیانی پاکی ئه وانه ی مه زاری نه مران له چیتان نوقسان بوو له ده سه لاتی هه ریم یان له ده سه لات له به غدای پایته خت یان له هاوپه یمانی گه وره گه وره یان له دۆلارتان که م بوو ، ئه و هه موو سه رچاوه ی هیزه تان هه بوو بایی ئه وه ی تێدا نه بوو بتوانرێت خه ڵکێک بۆ شوێنی له دایک بوونی خۆی یان باوباپیرانی بگێرنه وه !!!!! .

ئه ی به چی ئه تانه وێ دڵی که ر کوکی ئاواره له مالی خۆی ئارام بگرێ ، به دروشمی که رکوک دڵی کوردستانه یان قودسی کوردستانه یان شاری برایه تیه یان عیراقی بچکۆلانه یه ، فه رموو هه مووی به رن هه موو ئه و دروشمانه بکه به خانووێک بۆ ئاواره ، بیکه ن به کزک کۆلانه کانی شۆرجه و ره حیم ئاوای پێ خاوێنکه نه وه .

که رکوکی داوای شاری خه ونه کان و تۆنێلی 13 ملیار دیناری نه ویستوه ، ته نها ئه وه ند داواکراوه وه ک به یه ک ده نگ و ده ست و گیان شۆرشمان کرد و شه هیدمان به خشیی ، ئه بێ به هه مان ده نگ و ده ست و گیان ته ماشا بکرێن و مامه له مان له گه ل بکرێت .

به رێزتان ده فه رمێ

[ ئه و که سانه حوکمی که رکوک بکه ن که باوه ریان به دیموکراسی و فیدرالی و فره حزبی و رایه تی هه یه ]

منیش ده لێم

ئه و که سانه ئه بێ حوکمی که رکوک بکه ن که بروایان به کوردستانیه تی که رکوک هه یه ، چونکه بروا بوون به کوردستانیه تی که رکوک بروابونه به دیموکراتیه ت و فیدرالی و فره حزبی و برایه تی یه .

هیوادارم کاک مه سعوود به روحێکی وه رزشکارانه ئه م سه رنجو گله یانه مان وه ربگریت .

به لام له گه ل ئه وه شدا وه ک که رکوکێک ده لێم مالت ئاوابێت کاک مه سعوود به لایه نی که مه وه خه لکی که رکوکت به خائین له قه له م نه داوه تاکوو ئێستا .